دەزگای ئاسایشی هەرێم ڤیدیۆی ساتی تیرۆرکردنی کادری یەکێتیی نیاز دەرگەییی ئاشکرا دەکات

دەزگای ئاسایشی هەرێم ئەنجامی وردەکاریی لەکەینەوەی تیرۆرکردنی "نیاز دەرگەییی" بە بەگە ڤیدیۆیەک بڵاودەکاتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی دەزگای ئاسایشی هەرێم کە ئەمە دووشەممە بڵاوکراوەتەوە، هاتووە، دوای ئەوەی لەشەوی 18ـی 8ـی 2023 شەهید نیاز دەرگەییی سەردانی باخەکەی دەکات لە باشووری قەزای هانیە لە (کانی قوکە)ی سەر بە شارەدێی (بەسکێن) کە دەکەوێتە نزیک دەریاچەکە، لەلایەن سە تەمەتبار چاودێری وورد دەکرێت و لەکردەیەکی بەرنامە بە داڕێژراو کاتژمێر 8:40ـی شەو نیاز دەرگەییی لەناو باخەکەی خۆی بە چەکی جۆری دەمانچەی بەدەنگ (کاتم سەوت) تیرۆر دەکرێت.

ئەوەش خراوەتەووە، تەمەتباران هەمان ڕۆژ 18ـی 8ـی 2023 کاتژمێر 4:26ـی پاشنیوەڕۆ لە ڕێگای گوندی (بەستانە)ـی سنووری پارێزگای هەولێر بەرەگەی دگەدا، بە ئۆتۆمبێلی جۆری (تویتا هایلەکس ڕەنگ سپی) هەڵگری تابلێی ژمارە 227778 عێراقـهەولێر (جام ڕەش)، بەرەو لە بنەڕەتدا ژمارەی ئۆتۆمبێلەکی دیکەیە و بەنیاسایی بە ئەم تاوانە بەکارهێنراوە کە خاوەندارێتی دگەڕێتەوە بە (فەرهاد خانە خانە عەلی شەروانی) لە ڕێگای تەقتەق-کەیە بە چیای هەیبەت سوڵتان بەرەو ڕێگای هیزەپ و پاشان لەشارەچکەی چوارقورنەوە بە ئاڕاستەی شوێنی ڕووداوەکە دەڕۆن، تەمەتباران بە سوود وەرگرتن لە ڕێگا لاوەکییەکان

دەچنە شوێنی ڕووداو.

تەمەتباران کاتژمێر 6:32ـی ئێوارە لەنزیکەوە بە وردی چاودێری باخێکە دەکەن، لە وردەکاریی لێکۆڵینەوە و گرتەکانی کامێرای چاودێری دەردەکەوێت سێ تەمەتبار لە هەولێرەوە لەسنووری گوندی بەستانەوە خێیان دەگەیەننە شوێنی ڕووداوەکە و پاش دەنیابوونەوە لەوەی نیاز دەرگاییی بەتەنیایە (دوو) لە تەمەتباران بەپیادە لەبەشی پشتەوە (تەلی سیاجی) باخێکە دەبەن و یەکێک لە تەمەتباران دەچێتە ژوورەوە و ئەوەی دیکەیان لە دەرەوەی باخێکە چاودێری دەکات، هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەکانی تیمی بەگەی تاوان تەنها شوێن پێی یەک تەمەتبار پاش ئەنجامدانی تاوانەکە لێکاتی هەڵگرتنەوەی شوێن پێیان بەدیواری باخێکدا دەمێنێتەوە و بەچەکی جێری دەمانچەی بەدەنگ، لەگەڵ بینینی (نیاز دەرگاییی) لەناو ماڵەکەی 5 فیشەک دەتەقێنێت و 3 فیشەک بەر سەری (نیاز دەرگاییی) دەکەوێت و دەبێتە هۆی شەهیدبوونی و دوای ئەنجامدانی تاوانەکە تەمەتباران بەپیادە بە ئاڕاستەی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکەیان هەڵدێن کاتژمێر 8:45ـی شەو بەخێراییەکی زۆر شوێنی ڕووداوەکە جێدەهێڵن و بەنزیکەی 800-مەتر ئۆتۆمبێلەکەیان لەباخێکەوە دوورە و بەهەمان وردەکاریی ڕەگە لاوەکییەکانی هاتنیان هێزەپ هەیبەت سوتان -کەیە خێیان دەگەیەننە گوندی بەستانەی سنوری پارێزگای هەولێر و دەگەڕێنەوە.

دەزگای ئاسایشی هەرێم ئەوەشی خستەتەڕوو، بەهۆی بەردەوامی بەدواداچوونەکانی دەزگای ئاسایش هەرێم و پاراستنی ئەوتی لێکۆڵینەوە لەسەر بەیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ڕانیە فەرمانی دەستگیرکردن بە(فەرهاد خانە خانە عەلی شەروانی) بە ماددەی 406 لەیاسای سزادانی عەراقی دەرچوە و وردەکاری بەگەڕفیدیەی تاوانەکە لەئەستادا لەلایەن دەزگای ئاسایشی هەرێم بەاودکرێتەوە و بەدواداچوون و کەکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەم کەیسە بەردەوامە.

کورتەیەک دەربارەی نیاز دەرگاییی ...

نیاز جەلال بەگ مەحەممەدەمین یەحیا ناسراوە بە (نیاز دەرگاییی)، لە ساڵی 1956/7/1 لە قەزای ڕەواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایکبووە، ئامادەیی کشتوکاڵی تەواوکردووە و ساڵی 1977 پێیوەندی بە شەڕەشی نوە و ساڵی 1981 پێیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی کردووە لە هەرەمی حەوتی باڵەک، دواتر لە تیپی 78ـی کارەخ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

نیاز دەرگاییی ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هەرش و بەرگریی کردووە لە سنووری مەبەندی سێی یەکێتیی هەولێر، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پێنج جار بریندار بووە، کە سێ جار بە فیشەک و دووجاریش بە چەکی کیمیایی و دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین فەرماندەی کەرت بووە، لە ڕاپەڕیندا بەشداری کردووە و ڕەڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکاندا، لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕینیش لە چەندین ئەرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، فەرماندەی فەوج بووە لە سوپای یەکگرتوو، فەرماندەی بەتالیەن، جێگری هێز و لەپرسراوی میحوەری وەرتە بووە، لە حکومەتی هەرەمی

کوردستانیشدا کراوەتە قائیمقامی هەردوو قەزای چەمان و دوکان.

نیاز دەرگەیی ئەندامی پەشووی ئەنجومەنی ناوەندیی یەکەتیی نیشتمانیی کوردستان، شەوی 2023/8/18 لە سنووری رانیە تیرەرکرا.